https://doi.org/10.24271/garmian.378 http://jgu.garmian.edu.krd

# ڕۆڵی شیعری سیاسی لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورددا
# ( 1918 -1925 )

سامان عزالدين سعدون

زانکۆی چەرموو . کۆلێژی پەروەردە و زانستە سروشتیەکان

saman.ezadin@charmouniversity.org

## پوختە

لە لێکۆڵینەوەکەماندا کە بە ناونیشانی (ڕۆڵی شیعری سیاسی لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورددا)یە ولە ئاکامی ئاوەڕدانەوەمان لە بەرهەمی شیعری کۆمەڵێك شاعیری قۆناغی نێوان سالانی 1918 – 1925 شۆڕبونەوەمان بە ناو تاقیکردنەوە شیعریەکانیاندا, توانیومانە پەردە لەسەر کۆمەڵێ ڕاستی گرنگ هەڵدەینەوە و زانستانەش لایەنە بیری نەتەوەیی بخەینە ڕوو کە کاریگەرییان لەسەر جولانەوەی سیاسی کورد هەبووە و بگەینە کۆمەڵێ ئەنجامی ئەوتۆ کە نەك هەر بۆ شاعیرەکان و بەرهەمە شیعرییەکانیان گرنگی خۆیان هەیە بەڵکو لەسەر ئاستی ئەدەبی کوردیمان بەگشتی و قۆناغە شیعرییەکەی شاعیرەکان بە تایبەتی بەهاو بایەخی تایبەتییان هەیە.

لێکۆلینەوەکەمان لە سنوری دوو بەشدا ئەنجامداوە , بەشی یەکەم لە چوار تەوەر پێك هاتووە لە تەوەری یەکەمدا ئاورمان لە چەمك و پێناسەی شیعری سیاسی داوەتەوەو, لە تەوەری دووەمدا ,باسمان لە پێگەی شیعری سیاسی لەناو ئەدەبی بەرەنگاری کردووە , لە سێیەم تەوەریشدا قۆناغەکانی شیعری سیاسی کوردیمان دەستنیشان کردووە, لە دوا تەوەریشدا هەوڵمانداوە گرنگی و ڕۆڵی شیعری سیاسی کوردی لە گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورددا روونبکەینەوە . بەشی دووەم کە بە ناونیشانی( شیعری سیاسی و بیری نەتەوەیی ) یە , لە دوو تەوەر پیك هاتووە : لە یەکەم تەوەردا باسمان لە شیعری سیاسی کوردی پێش دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحمود کردووە ڕوومان لەو شیعرانە کردووە کە مێژووی نووسینیان دەگەڕێتەوە بۆ پیش حکومرانی شێخ محمود کاریگەری ئەم جۆرە شیعرانەمان لە سەر بیری ناسیۆنالیزمی کوردی روونکردۆتەوە .لە تەوەری دووەمیشدا لە دیدی شاعیرانی قۆناغەکەوە هەوڵمانداوە ڕێچکەی شیعری سیاسی کوردی لە سەردەمی فەرمانرەوایی مەلیك مەحموددا لە سەر جولانەوەی سیاسی نەتەوەی کورد بەگشتی و حکومەتی شێخ محمود بە تایبەتی روونبکەینەوە . لە کۆتایشدا بە چڕی ئەنجامی لیکۆڵینەوەکە خراوەتە ڕوو.

**کلیلی ووشەکان:** شیعری سیاسی، شیعر، جولآنەوەی نەتەوەیی ،کورد، حکومەتی شێخ مەحمود

## پێشەکی

شیعری سیاسی کوردی کە بەشێکە لە مێژووی نەتەوەیی کورد. لەگەڵ جولانەوەی نەتەوەییدا رۆیشتوە و تێکەلاو بووە , کاری لە جولانەوەکە کردووە و جولانەوەکەش کاری لەو کردووە . بەگشتی سەرچاوەیەکی بەنرخ و باوەڕپێکراوی لێکۆلینەوەی

لایەنی سیاسی و ژیانی گەلی کوردە , کە لە هەندێ قۆناغی جولانەوەی نەتەوەیی کورددا گرنگیەکی گەورەی هەبووە , چ لە دەربرین و دارشتنی هەندی لە ئاوات و خواستەکانی گەلەکەمان و دیاریکردنی لایەنیفیکری و چ لە هاندانی خەڵك بۆ خەبات . ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لەو دەقە شیعریانە دەکات , کەبەرهەمی کۆمەڵێك شاعیری دیاری قۆناغەکەن و شیعرەکانیشیان دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی نێوان 1918 – 1925 . گرنگی قۆناغەکەش لەوەدایە کە لە رووی مێژووییەوە دەکەوێتە سەردەمی شێخ محمود و دروستکردنی حکومەتی کوردستانی باشوورەوە . لە شاعیرە دیارەکان کە لێکۆلینەوەکە رووی لێ دەکات ( حەمدی , شوکری فەزلی , فایەق تاپۆ , مستەفا پاشا , عارف سائیب , زێوەر , رەفیق حیلمی , ئەحمەد موختار ). لێرەدا هۆکارەکانی ئەم جۆرە لە شیعر دیاری دەکەین و کاریگەری بەسەر بیری نەتەوەیی جولانەوەی سیاسی کوردیدا روونده‌کەینەوە . بەگشتی شیعری ئەم ماوەیە رۆڵی رێنیسانسی گێراوە, کە زیاتر چووە ناو ژیانەوە و وێنەی ڕاستەقینەی رەنگریژکرد, کاتێك سەرنج لە سامانی شیعری بەجێماوی شاعیرە ناسراوەکانی ئەم قۆناغە دەدەین, دەبینین بە پێی ئەو پلەیەی لە ناوبانگدا پێی گەیشتوون , مایەیان هەیە لە نواندنی تایبەتیەکانی نەتەوەو نیشتمانیان و بەهرەی داهێنەرانەی خۆیان لە سامانی بیری نیشتمانی کوردەوە وەرگرتووە.لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵێك شاعیر روو لە شیعری سیاسی دەکەن و ئەدەب بە سیاسەتەو کۆمەڵەوە گرێ دەدەن .

شیعری سیاسی سیمایەکی دیاری شیعری قۆناغەکە بوو.هەندێ لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانی هونەری شیعر, کۆمەڵێ ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەلأیەتی و رۆشنبیری و ئاینی گرتۆتە خۆی و هونەریانەش دەریان بڕیون .. بۆیە شاعیرانی قۆناغەکە , داوای هەڵوێست لە میللەت دەکەن و تەنانەت لەنێوان خۆیانیشدا رەخنە لە بەرهەمی یەکتر دەگرن , بەوەی سەردەمەکە وا دەخوازێت , کە چیتر باس لە یارو بابەتی خودی نەکەن و لە مەولا دەبێت شیعرەکانیان ئەرکی وشیارکردنەوەو رێگەی تێکۆشان لە پێناو نیشتماندا ببینێ .بەم پێیە شیعری (بەرەنگاری) بە گشتی و شیعری (سیاسی) بە تایبەتی بوو بە سیمایەکی دیاری شیعری قۆناغەکە . بیری شیعری نوێ شەقڵی ڕیالیستی پێوە دیارە ,ئیلهامی لە جیهانی بابەتیانەوە وەردەگرێت ,ئەگەر چی لە دەربریندا رەنگی بۆتەی شاعیر وەردەگرێت. شیعر دەنگی هاوارو ناڵەی خەڵکی کوردستان بوو,داخوازی و پێویستییەکانی کۆمەڵ لە شاعیر داوا دەکرێت, پاڵەوانی شیعری تازەش تێکۆشەرە.

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەی قۆناغێکی مێژوویی گرنگی نەتەوەکەمانە لەبەر رۆشنایی و ناوەرۆکی شیعرە سیاسیەکانی قۆناغەکە , هەروەها دیاریکردنی ئاستی کاریگەری شیعرە سیاسیەکانە لەسەر بیری نەتەوەیی و بە دیاریکراویش لە سەر جولانەوەی سیاسی شێخ محمود .

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە بیری کوردی دەوڵەمەند دەکات و گرنگی شیعر لە مێژووی نوێی گەلەکەماندا دەردەخات و , کەموکورتی جولاندنەوەی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستدا دەستنیشان دەکات .لە لایەکی ترەوە ئەم لیکۆڵینەوەیە, لە روانگەیەکی ترەوە روو لە رۆڵی شیعری سیاسی دەکات . ئەویش ئەوەیە کە باس لە کاریگەری شیعری سیاسی لەسەر جولاندنەوەی نەتەوەیی کوردی دەکات .لە کاتێکدا زۆربەی لێکۆلینەوەکانی تر وەك بابەتیکی شیعری , روویان لە شیعری سیاسی ئەم قۆناغە کردوە .

**بەشی یەكەم ( ئەدەب وسیاسەت )**

جیهانی ئەدەب وجیهانی سیاسەت دوو جیهانی تەواو جیاوازە, ئەدەب بەو ناسكی و دەوڵەمەندی بەو هەستە مرۆڤانەیەوە . سیاسەتیش دوور لە هەستی مرۆڤانە بە ململانێ و توندوتیژی و جۆرێك لە بەرەنگاربوونەوە و دژایەتیكردن و رووبەرووبوونەوە . كەچی واقیعی كۆمەڵگا, ئەم دوو جیهانە كۆدەكاتەوە , بەو پێیەیی لە هەردوو جیهانەكەدا مرۆڤ تەوەر و ناوەندی كاركردنی هەردوو كایەكەیە .

پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت كاتێك دێتەوە ئاراوە, كە چەمكی ئەدەب بە دەووروبەرو واقیعە سیاسیەكەوە ببەستینەوە, كاتێ ئەدەب ئەركی وشیاری دەبینیت و بانگەشەی شۆرش وتێكۆشان و بەگژاچوونەوە ویاخیبوون دەكات . بەو پێیەی سیاسەتیش بە هەموو ئەو بیرو چالاكیە مرۆیانە دەوترێ كە پەیوەستن بە ریكخستنی سیستەم و دەسەڵات و بەرێوەبردنی كاروباری مرۆڤ و شێوازی حكومرانیەوە . كەواتە لوتكەی ئامانجی كاركردنی هەردووكیان مرۆڤە , لێرەوە پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت دێتە ئاراوە .. بەم پێیە ئەدەب دەبێتە پانتاییەك بۆ خولقاندنی بابەتی سیاسی و كە كۆمەڵێك چەمك و بابەتی وەك بزواندنی بیری نەتەویی و نیشتمانی و ئازادی دەكاتە تەوەری سەرەكەی پەیامە ئەدەبییەكانی . شیعری سیاسیش ئاكامی زوڵم و زۆری ستەمی دەسەڵاتدارانی ئینگلیزەكان بوو لە باشووری كوردستاندا .

**چەمك و پێناسەی شیعری سیاسی**

چەمكی شیعری سیاسی لە ناو ئەدەبی گەلاندا تاقیكرنەوەیەكی نوێیە ,بەلآم رەگ و ریشەی دەگەرێتەوە بۆ مێژوویەكی كۆن كە لە چوارچێوەی شیعری نیشتمانی و هۆشیاری دا رەنگی داوەتەوە . (( لە سەدەكانی رابردوودا شیعری سیاسی لە چوارچێوەی شانازیكردن بە ئازایەتی رۆڵەكانی نەتەوەدا دەسورایەوە , بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستدا خۆی لە دەوری خەباتی شۆرشگێری و نەخشەكێشان بۆ رێگەی رزگاری نیشتمان و نەتەوە لە چنگی دوژمن و یەكگرتنەوەی بەشەكانی كوردستان ئاڵاندووە ))[1] .

(د. عەلی عەباس عەلوان ) لەم رووەوە دەڵێ : (( ئەگەر شیعری سیاسی بە گشتی چەمكەكەی لەگەل هاولآتی بەرانبەر دەسەلآتی فەرمانرەوایی و پێوەندی لەگەڵ ئەو دەسەلآتەدا , جا دژایەتی یا لایەنگری بی دەست نیشان بكات ))[2] . شاعیر كە دەبینێت گەلەكەی زۆلی لی دەكرێ بە ئەركی سەرشانی خۆی دەزانێت هەڵویستی راستەقینەی خۆی بە وشە كە چەكی دەستی شاعیرە دەربرێت.

شاعیر لەم سەردەمەدا بەشداری پرۆسەی پێشكەوتنی كۆمەل دەكات و بەرگری لە ماف و خواستە رەواكانی دەكات . چونكە ئەویش تاكێكە و بەهەزاران سەرەداوەوە پێوەیەوە بەستراوە . (( ئەگەر هەموو شتێك لە دنیادا ئایدیال بێ , هەڵبەت ئەركی شاعیر خەباتی سیاسی نییە , بەلآم تا ئەو دەمەی بێ دادی هەیە شاعیری راستەقینە هەقی نییە خۆی لەو خەباتە بە دوور بگرێ ,بەڵكو دەبێ لە ناوەراستیا بێ , و داكۆكی لە كەلەپوورە مەعنەویەكەی مرۆڤ بكا . ))[3] بەم پێیە شیعری سیاسی ئەو

---

[1] - عەبدولواحێد ئیدریس شریف ، سروودو گۆرانی نیشتمانی و بەرەنگاری كوردی لە كرمانجی خواروودا ( 1935- 1991) دەزگای ضاث و بلاوطردنەوەی ،سلیمانی، 2011 ، ل26

[2] - د. مەحمەد فازیل مستەفا , زێوەر ذیان و بەرهەمی , هەولیر , 2010 , ل 74

[3] - د. ابوبكر خۆشناو , شیعری بەرەنگاری كوردی , ل 78

هۆنراوەیە لە ئاخاوتن کە پەیوەستە بە سیستەمی ناوخۆیی دەوڵەت و دەسەلآتی دەرەوەی و شوێن و پێگەی لە نێو دەوڵەتاندا .[4]بە پێی ئەم پێناسەیە بۆ نەتەوەی کورد ئەو شیعرانە دەچێتە خانەی مەبەستەوە کە لە ڕۆژگاری هەرسێ دەسەلآتی حکومرانی شێخ مەحموددا وتراون .

**پێگەی شیعری سیاسی لەناو ئەدەبی بەرەنگاریدا**

ڕێچکەی شیعری سیاسی وەك بەشێك لە ئەدەبی بەرەنگاری باسێکی گرنگ و پر بایەخە لە جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا , بە تایبەتی لە بوژاندنەوەی بیری نەتەوەییدا .هەربۆیە کاریگەری وشە ئەوەندەی کاریگەری چەك ڕۆڵی لە خەبات و شۆڕشدا هەیە . هەر وەکو ( گۆران ) لە بارەی ئەرکی ئەدەبەوە دەلێ: (( هەر ئەوە تاوێك ئەبی بە زمانی ئاین و تاویك ئەبی بە زمانی فەلسەفە و تاوێك بە زمانی سەرکردەی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی, گەل لە بیداریمان ئەوروژینی , ئەمانکا بەگژ جەورو ستەما , بیزارمان ئەکا لە خراپە , هانمان ئەدا بۆ چاکی , بۆ ڕاستی بۆ داد و ئینساف ))[5]

نوێخوازەکان و ڕیالیستەکان پێیان وایە کە ئەدەب دەبێت ڕەنگپێدەرەوەی واقیعی سیاسی کۆمەڵگا بیت و تایبەتمەندێتی نەتەوەیی تیادا پێوە دیار بێت . بە تایبەتی کاتێك نەتەوە دەکەوێتە بەر هەرەشە و مەترسی لە ناوچوون لە لایەن نەتەوەی دەسەلآتدارەوە . (( بەرهەمی وێژەی نەتەوەیەك ئەو بەرهەمەیە شەقلی تایبەتێتی ئەو نەتەوەیەی پێوە دیار دەبێ , تایبەتێتی نەتەوە لە گشت سەرچاوەکانی ژیانیاندا , بە ژیانی ئابووری و سیاسی و ئاینی ویاساکانی کۆمەڵایەتییەوە بە شکۆ مێژووییەکانییەوە لەگەڵ چۆنێتی سروشتی نیشتمانەکەی ))[6]

پەنابرنە بەر ئەدەب بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوە , هەنگاوێکە یەکەمجار شاعیران بەردی بناغەیان داناوە , چونکە (( شیعر ڕەگەزێکی کاریگەرە لە خەباتی ئەمرۆی نەتەوەی کورددا و پێوەندییەکی بە تینی هەیە لەگەڵ کۆمەلانی خەڵکدا و کورد جێگایەکی تایبەتی لە خەبات و دەروونی خۆیدا بۆ شیعرو شاعیر داناوە . ))[7]هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە گۆران وەك ڕەخنەگرێك بڵێت : (( هەرچی عاجباتی لە دنیادا هەیە لە پێشدا لە خەیاڵخانەی ئەدیب و شاعیرەکان زاون , لە پاش سەردەمێك لەوێوە گواستویانەتەوە بۆشوێنە بە کەڵکەکانی, ئەمجا بۆ دەستی وەستاو کرێکار . شۆڕشە بەکەڵکەکانی تەئریخ , ڕاپەرینەکانی ئایین , سیاسی , کۆمەڵی ئیصلاحەکانی ئیقتصادی ئەمانە هەموو هانەهانەی یەکەم جاریان لە شیعر و ئەدەب بیستوە ))[8] . ئەم بایەخەی ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی وا دەکات جێگای ئومێدی خەڵك بێت , هەر لەوێوە هەوڵەکانی بخاتە کار بەمەبەستی بەرجەستەکردنی خواستەکانی و هێنانەدی خەونەکانی لە ئازادی و سەربەخۆیی , چونکە (( ئەدەب لە نێو گەلێکی بێ بەش لە ئازادی سیاسی دەبێتە تاکە سەکۆیەك کە دەتوانرێ تیایدا هاوارەکانی بگەیەنێ و هۆشیاری یەکەی بەرجەستە بکا . ))[9]لەبەر ئەم هۆکارانە پێویستمان بە جۆرێك لە شیعرە کە بە زمانی توند نوسرابێت و سیمای بەرەنگاری و

---

[4] – د. محەمەد دلێر ئەمین , ڕۆژنامە نوسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لە سایەیی یەکەمین دەسەلآتی کورددا , ل 87

[5] – ئومید ئاشنا , گۆران نووسین و پەخشانەکانی , ل 23

[6] - ئومید ئاشنا , طؤران نووسين و ثةخشانةكانى , ل 34

[7] - د. عيزةدين مستةفا , شيعرى تازةى كوردى , طؤظارى رؤشنبيرى نوى , ذمارة ( 105 )

[8] - ئومید ئاشنا , طؤران نووسين و ثةخشانةكانى , ل 24

[9] - ابوبكر خؤشناو , ئةدةبى بةرةنطارى , ل

گوتاری مانەوە بێت (( كاتی تەنگانە , شیعری توندو راستەوخۆی دەوێ , چونكە شاعیری بەرەنگاری تەنیا شیعر بۆ شیعر نانوسێ , بەڵكو شیعر دەكاتە سپەری مانەوە , مانەوەش دەخوازێ , شیعر شەییور بێ , نەك لایەلایە , واتە بەئاگا هێنەر بێ نەك خەوهێنەر و كاتێكیش شیعر هۆشیار كەرەوە بێ چەند سیمایەك بەخۆوەدەگرێ , كە بە مسۆگەری لەكاتی ئاسایدا نابینرێن . ))[10] . شاعیرانی كورد لەگشت چەرخ و سەردەمێكدا راستەوخۆ شیعرەكانیان وەك چەكێكی كاریگەر بەكارهێناوە بە تایبەت لە سەدەی بیستدا . زیاتر لە بواری سیاسیدا شەوق ئەداتەوە و تایبە تمەندی ئەو بارودۆخەی نیشان داوە .[11] هەندێ لە لێكۆلەران رایان وایە كە (( ئەدەبی كوردی لە جەوهەردا ئەدەبێكی بەرگرییە , چونكە ئەدەبی میللەتیكی بەرگریكەرە و لە دێر زەمانەوە بۆ پاراستنی نەتەوەیی خۆی هەموو چست و چالاكی یەكانی خۆی خستۆتە شەری بەرگری كردن ))[12] .بەو پێیەی كە گەلی كورد لە سەر نیشتمانی خۆی دوچاری هێرش و پەلاماری هێزی ناوچەكەو جیهان بۆتەوەو بە چەندەها شێواز هەوڵی چەوساندنەوەو لەناوبردنی دراوە بۆیە هەوڵی داوە لە رێگەی شیعرەو رووبەروی داگیركەران ببێتەوە , ئەم هەولەی كورد تا ئەمرۆش بەردەوامە هەربۆیە (( سەرلەبەری ئەدەبی گەلێكی چەوساوە و تێكۆشەر بە ئەدەبی بەرەنگاری لە قەلەم دەدەن ))[13]. كەواتە شیعری سیاسی جۆرێكە لە ئەدەبی بەرەنگاری .چونكە بەلای ئێمەوە ئەدەبی بەرەنگاری بریتیە لە ( شیعری نیشتمانی , شیعری رزگاری خوازی , شیعری سیاسی , شیعری بەرەنگاری ), و پەخشانی بەرەنگاریش لە ( وتار , چیرۆك , رۆمان ) دا رەنگی داوەتەوە .

**قۆناغەكانی سەرهەڵدانی شیعری سیاسی كوردی**

ئەوەی تا ئێستا خراوەتە روو لە بارەی قۆناغەكانی شیعری سیاسی كوردیەوە , ئەوەیە كە د. عەبدوڵلا ئاگرین خستۆیەتە روو : قۆناغی بەر لە رزگاربوون و دامەزراندی قەوارەی سیاسی وەك بەرهەمی ئەحمەدی خانی . قۆناغی بوونی قەوارەی سیاسی بەرهەمی ( شوكری فەزڵی , زێوەر , مستەفا پاشا , خالیسی , میرزا غەفور , حەمدی .. ) قۆناغی دوای روخان و شكست وەك بەرهەمی پیرەمێرد . ))[14]دیارە د. عەبدوڵلا ئاگرین شیعری كوردی لە ئەحمەدی خانیەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی قەوارەی سیاسی لە باشوور, بە شیعری سیاسی لەقەلەم دەدات .

پشتبەست بە ناوەرۆكی شیعری كوردی لە سەرەتاوە تا ئەمرۆ لە روانگەی چەمكەكانی شیعری سیاسی و ئەدەبی بەرەنگاری دەگەینە ئەو ئە نجامەی كە شیعری بەرەنگاری كوردی بە چوار قۆناغی سەرەكیدا تێپەریوە كە بریتین لە :

1- قۆناغی شیعری نیشتمانی : بریتییە لەو شیعرانەی كە شاعیرانی كورد تۆوی خۆشەویستی نیشتمان دەچێنن و بە وەسفەكانیان بۆ جوانی سروشت و خاكی كوردستان خۆشەویستی خۆیان بۆ نیشتمان و پەیوەستبونیان پێوە دەردەبرن , كە ئاما نجیان بڵاوكردنەوەی هۆشیاری نیشتمانییە لە نێو خەڵكدا

[10] – ابوبكر خۆشناو , ئەدەبی بەرەنگاریكوردی , ل 196
[11] – د. عەبدولڵا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی , 1996 , ل 38
[12] – ابوبكر خۆشناو , ئەدەبی بەرەنگاریكوردی , ل 196
[13] - ابوبكر خۆشناو , ئەدەبی بەرەنگاریكوردی , ل 37
[14] - د. عەبدولڵا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی , ل21

2- قۆناغی شیعری رزگاری خوازی : بریتییە لەو شیعرانەی کە شاعیرانی کورد بانگەشە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دەکات و هانی گەل دەدات بۆ خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و دادپەروەری و یەکسانی . لەم قۆناغەدا بیری نەتەوەیی سەریهەڵدا .

3- قۆناغی شیعری سیاسی : ئەوەیە کەباس لە مەسەلەیەکی دیاریکراو دەکات لە هەوڵ و تەقەلا وهەڵوێستی فیکری و کردەیی دەدوێ ,لە پێناوی دامەزراندنی حوکم و دەسەلاَتێکی دیاریکراو یاخود گۆرانکاری بەسەر دەسەلاَتی حوکمدا , لەم قۆناغەدا بیری نەتەوەیی زیاتر گەشەی کرد و پێشکەوتنی گەورەی بەخۆییەوە بینیوە .

4- قۆناغی شیعری بەرەنگاری : ئەو شیعرەیە لە شۆرشی چەکداریدا دەنوسرێ و بلاَودەبێتەوە .کار لە خەڵك و پێشمەرگە دەکات و هانیان دەدا بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەران . سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لەشیعر لە ئەدەبی کوردیدا دەگەرێتەوە بۆ سالآنی شەستەکانی سەدەی بیست , کاتێك خەباتی چەکداری وەکو رێگایەك بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان بە ناچاری پەنای بۆ برا .

## رۆڵی شیعری سیاسی کوردی لە گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورددا

بەراورد بە مێژووی گەلانی جیهانی , ئێمە لە هەرگەلێك زیاتر مێژوومان لە نێو جیهانی شیعردا تۆمار کراوە , هەر بۆیە لێرەوە گرنگی ئەم جۆرە شیعرانە دەردەکەوێت , چونکە لەلایەك تیشك دەخەنە سەر قۆناغێکی گرنگی مێژوویی گەلەکەمان لە لایەکی تریشەوە هۆکارێکە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی بیری نەتەوەیی و سەرهەڵدانی شۆرش و راپەرینەکانی کورد . جیهانبینی شاعیرانی کورد لەو شیعرە سیاسیانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا دەریانبریوە کاریگەری و رۆڵی دیاریان لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەیە . ئەمە خۆی لە خۆیدا بایەخی شیعری سیاسی دەردەخات .((ئاساییە ئەگەر حاجی لە رێی شیعرەکانییەوە ببێتە هێزێکی بزوێنەر و ئامادەکاری جەماوەر بۆ راپەرینەکەی ساڵی 1880 , کە رابەرەکەی ( شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ) تا ئاستێکی باش توانیبوی مانایەکی ناسیۆنالیستانە بە دین بدات . ))[15]

شیعری سیاسی کوردی جگە لەوەی خەسڵەتێکی مرۆڤایەتی هەیەو بۆ خزمەتی کۆمەڵگا تێدەکۆشێت . کەرەسەیەکی بایەخدارە بۆ رووداوو بەسەرهاتەکانی گەلی کورد , کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا روویانداوە , دەکرێ وەك هەنگاوەکانی گەشەکردنی جولانەوەی نەتەوەی کورد لییان بروانین و سوودیان لێوەربگرین کە تا چ ئەندازەیەك رۆڵیان هەبووە لە گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورددا . چونکە تاکە سەرچاوە بۆ ئێمە, کە دوور لە مەرامی هیچ کەس و لایەنێك نووسرابێتەوە , شیعری سیاسی شاعیرانی کوردە کە بە ویژدانەوە لایەنە گەش و تاریکەکانی جولانەوەی سیاسی نەتەوەی کوردیان بۆمان تۆمار کردووە . ( زێوەر , عەلی کەمال باپیر ئاغا , حەمدی , شێخ نووری ) رۆڵی کاریگەریان هەبوو لە ناسیونالیزمی کوردیدا, ئەمانە زۆر دژی داگیرکەری تورکی بوون و پشتیوانێکی زۆری دەسەلاتێکی کوردی خۆماڵی یان راستر بڵێین شێخ محمودی حەفید بوون .[16]بەم پێیە

---

[15] – جەعفەر عەلی , ناسۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی , ل 174

[16] - مەجید سالح , بیری نەتەوەیی لای شیخ نووری شیخ سالح , سلێمانی , 2016 , ل 64

**شیعری بەرەنگاری بەگشتی وشیعری سیاسی بە تایبەتی هەوێن و هەڵگیرسێنەری زۆر جولانەوەو شۆرش و راپەرین و خۆپیشاندان بووە لە مێژووی خەباتی رزگاری خوازی گەلی کوردستاندا .**

**بەشی دووەم ( شیعری سیاسی و بیری نەتەوەیی )**

**شیعری سیاسی پێش دامەزراندنی حکومەتی شیخ مەحمود**

**زوڵم و زۆری هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەوەی لە هەمبەر گەلی کورد , بارودۆخێکی سەخت و دژواریان لەناو هزر و دەروونی تاکی کورددا خوڵقاند, بە جۆرێك کە لای زۆربەی شاعیرانی ئەو قۆناغە وێنەی ئەو بارودۆخە دژوارە لە پانتایی دەقە شیعرییە سیاسیاکانیاندا رەنگی داوەتەوە .ئەم شاعیرانە بەرهەمیان تەرخانکراوە بۆ کارەسات و بابەتە گرنگەکانی پەیوەست بە سیاسەت و بەرەو پێشچوونی جولانەوەی کۆمەلآیەتی و سیاسی کورد .**

**شێخ رەزای تاڵەبانی دەڵێ :**

**لە بیرم دێ سلێمانی کە دار الملکی بابان بوو**

**نە محکومی عەجەم و نە سوخرەکێشی ئال عوسمان بوو**

**شاعیرانی قۆناغەکە , دیدیان بۆ واقیعەکە بابەتیانە بوو , لە تراژیدیای نیشتمانەکەیان دەدوان و لە پێناو باشکردنی ژیانی نەتەوەکەیان شیعریان کردوە بە چەکی بەرگریکردن لە مافەکانیان و ئەو ژیانەی کە شایستەی مرۆڤەکان بێت .**

**بە هۆی شیعرو وتارەکانی نێو ئەم بلآوکراوانەوە ( کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی ) و ( کوردستان ) و ( رۆژی کورد ) و ( بانگە کورد ) و ( هەتاوی کورد ) بیری نەتەوەیی گەشە دەکات..لە 1898 بەدواوە ئەوەی لەسەر زاربوو لە بارەی کیشەو گرفتەکانەوە , شاعیران و نووسەران و خستیانە سەر پەرەی کاغزو گەیشتە بەردەم زۆرینەی خەڵك لە خوێندەواران , ئەم هەنگاوەش دەرگای بۆ گفتوگۆی راشکاوانەی دەستە بژێر کردەوە . کە بیر لە گۆرانکاری هەمەلایەنە بکەنەوە .(( رۆژنامەی کوردستان خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورددا هەروەك برزویی دەڵێت : بووبوو بەمینبەرێك بۆ ناسیۆنالیستانی کورد . ))[17]**

**(( لە ساڵی 1908 یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی کوردی بە ناوی ( کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد ) و لە ساڵی 1910 دووەم کۆمەڵەی سیاسی بە ناوی کۆمەڵەی هێڤی دامەزرێنرا , ))[18] هەردوو رێکخراوەکە لە لایەن ژمارەیەك کوردی نیشتمانپەروەرەوە دامەزرێنران , کە ئامانجیان بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بوو .(( هەتاوی کورد لە ساڵی 1914 بە شێوەیەکی بەرین بلآو بۆتەوە و دەگەیشتە زۆر شوێنی کوردستان , گوێم لە گۆڤارەکە بوو لە شوێنی دووری وەکو سلێمانی , میرە ناوخۆییەکان و رۆشنبیرەکان بە دڵ و بە گیان بایەخیان بە پرسی نەتەوەیی دەدا . ))[19]. لەم ساڵانەدا شێخ مەحمود دەسەلآتدارێکی دیاری سلێمانی بوو , کە لە سایەی عوسمانیکاندا دەسەلآتێکی ناوخۆیان هەبووە لە هەمان کاتدا کەسێکی ئەدەب دۆست و شاعیر بووە ئاگاداری بلآوکراوەکانی سەردەمەکەی بووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەریانەوە . چوونی شێخ مەحمود لە**

[17] - جەعفەر عەلی , ناسۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی , ل 179

[18] - جەعفەر عەلی , ناسۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی , ل 188 ل 190

[19] – مینورسکی , ترجمە د. مارف خزندار , بغداد , 1968 , ص44

ساڵی 1895 لەگەڵ كۆمەڵێك كەسێتی ناوداری سلێمانی كارێكی گەورەو دیاری تاقیكردنەوەی شێخ مەحمود دەردەخات و بە هۆی بینینی ژیانی ئەستەمبول هەر زوو تۆی بیری نەتەوەیی لە ناخیدا چاند . شێخ محمود تەمەنی لە نێوان 16 بۆ 17 ساڵیدا بووە كە لەگەڵ باوكی و هەردوو شاعیر زێوەر و پیرەمێرد و كەسانی تر چووە بۆ ئەسەتنبول و بە چاوی خۆی تەخت و كۆشكی پاشا و سوڵتانی عوسمانی بینیوە,[20] دیارە ئەو گەشتە كاریگەری باشی لە بیرو فێربوون و ئاشنابوون بە داب و نەریتی حوكمرانی ئەو سەردەمەی عوسمانییەكان دا دەبێ و لە لایەكی تریشەوە لەگەڵ كۆمەڵێك لە فەرمانرەواو ئەدیب و زانای دیاری ئەستەنبول لە هەموو نەتەوەكاندا هەڵسوكەوتی كردووە , ئەمانە پێكەوە لە زەین و هۆشی شێخ محموددا دەمێنێتەوە و هەر لەو كاتەوە لە هەست و بیری ئەودا دامەزراندنی قەوارەیەكی سیاسی بۆ كورد دروست دەبێت . هەر بە منداڵی نیشانەی گەورەیی و هۆشیاری و هەڵكەوتوویی بە ناوچەوانیەوە دیار بووە . زیرەك و بە ئەدەب و دەم پاراو رەفتارو گوفتاری جوان بووە چەشەی شیعرو ئەدەب بووە . خاوەنی دیوانێكی شیعرییە . پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی شاعیرانی سەردەمەكەی خۆیدا بووە .(( شێخ محمود وەك مەلیكی كوردستان و سەردارێكی گەورە , تەنیا پەیوەندی بە سیاسی و فەرماندە و جەنگاوەرەكانییەوە نەبووە,بەڵكو لەگەڵ شاعیر و نووسەرو روناكبیرە ناسراوەكانی ئەو رۆژگارەدا ئاشنابوون و تەنانەت هەندێكیشیان لەشەرو كارە سیاسیەكاندا هاوكاری بوون, وەك ( حمدی و زێوەر و فایەقی تاپۆ وناری و شوكری فەزلی و حسێن نازم و رەفیق حیلمی وپیرەمێرد و شێخ نووری و بێخود و شێخ ئەحمەدی غەنی و توفیق وەهبی و شێخ سەلام و ئەحەد خواجە و و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عەلی باپیر ئاغا ))[21] تۆفیق وەهبی لەگەڵ شێخ محمود دا باس لەوە دەكات كە (( تازە توركەكان ئومێدی مانەوەیان نەماوەو باشتر وایە شێخ محمود نامە بۆ ئینگلیزەكان بنوسیت بۆ دروستكردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا ))[22]

سەرەرای زوڵم و ناداد پەروەری عوسمانییەكان ,كەچی شێخ هیچ گومان و دوودڵیەكی نەبووە بەرانبەریان, چونكە خۆی دەڵێت (( كە شەری یەكەمی جیهانی دەستی پێكرد منیش وەكو یەكیكی لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی ژمارەیەكی زۆر لە چەكدارانی كوردم كۆكردەوەو چووین بۆ شوعیبە بۆ بەربەستكردنی هێرشی ئینگلیز ))[23] لایەنگری شێخ بۆ توركەكان زیاتر پەیوەندی بە پێگەو بەرژەوەندیەكانەوە هەبووە نەك لە بەر ئەوەی تورك بۆ كورد باشبوونە و ئینگلیز خراپ بووە , چونكە تا ئەو دەمە سیاسەت و دەسەلاتی ئینگلیزەكانی تاقی نەكردۆتەوە . هەربۆیە شیعرە سیاسیەكانی شێخ , هی سەردەمی حكومرانی ئینگلیزەكانە..

لە ژمارە ( 3 ) ی ( بانگی كورد ) كە لە 8 ی شوباتی 1914 دەرچووە بە هەردوو زمانی توركی و كوردی لە بەغدا جەمالەدین بابان دایمەزراند . ( عارف صائیب و زێوەر ) شیعریان تێدا بلاوكردۆتەوە .[24]عارف صائب بە بۆنەی دەرچوونی گۆڤاری بانگی كوردەوە ئەم شیعرەی تێدا بلاوكردۆتەوە :

---

[20] - . زیوەر , گە نجینەی زیرینی زیوەر , ئا محمود زیوەر , سلیمانی , 2012 , لا 81

[21] - عومەر مەعروف بەرزنجی , نوربەخشی, شیعرەكانی مەلیكی كوردستان شیخ محمودی بەرزنجی , سلێمانی , 2006 ,ل10

[22] - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی كوردی , بەرگی یەكەم , ل 338

[23] - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی كوردی , بەرگی یەكەم , ل 338

[24] - نەوشیروان مستەفا ئەمین , بەدەم رێگەوە گولچنین , چەند لاپەرەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی كوردی , 1898 – 1958 , كتێبی دووەم , بەرگی یەكەم , بیروت , لوبنان , 2013 , ل 118

عالەمیٚ مەشخولی فیکرو کورد خەریکی وەحشەتە

خواردنم زوخاوی جەرگە , من لە داغ ئەم حەسرەتە

ئەمرۆ دەورێکی ترە , مەیدانی عەشرەت تەنگ بوە

وەقتی سەعی و غیرەتە هەنگامی بەزلی هیمەتە [25]

لە ژمارەی ( 4 ) ی هەمان گۆڤاردا ( زێوەر ) شیعرێکی درێژی بلأوکردۆتەوە , چەند بەیتێکی دەخەینە بەردەست :

ئەی نەوەی بازو شەهێن بۆ تۆ جەلادەت فیترییە     شێری بەچەی بێشەی جەلادەت سەر لە لانت هەلبرە سەیری ئەترافت بکە

یەکبارە راوی تۆ دەکەن     ئەی جوانانی وەتەن ! ئەی رووناکی پاکی مەملەکەت دەرسی تاریختان خوێند , جوغرافیا

دیقەت بکەن     تۆش ئەگەر فرسەت لەدەست دەی ئەبیە ملوکی کەسیٚ

شەو چرا هەلٚگری دەبی , رۆژیش دەشۆی جام و لەگەن [26]

جگە لەوەی هەردوو شاعیر, لاوان هان دەدەن بۆ خوێندن و فێربوون و کارکردن , داوا دەکەن سوود لە سەردەمەکە وەربگرن و بۆ نەتەوەکەیان هەولٚ بدەن .

ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی لە سەردەمی عوسمانیەکاندا لە نێوان 1898 – 1918 دەرچوون , رۆلێکی گرنگ و بنچینەییان هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەلانی خەلٚکی کوردستاندا . بەرهەمە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە بە زۆری لە ناو بازنەی شیعری نیشتمانی و رزگاریخوازی بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد دان .هرزن دەلٚێت : (( ئەدەب لە نێو گەلێکی بیٚ بەش لە ئازادی سیاسی , دەبێتە تاکە سەکۆیەك کە دەتوانریٚ تیایدا هاوارەکانی بگەیەنیٚ و هۆشیاری یەکەی بەرجەستە بکا ))[27].هەر بۆیە (( شاعیرانی قۆناغەکە کەلٚکەلٚەی دامەزراندنی حکومەت و دەسەلاتی کوردی هەراسانی بە کاسەی سەری هەلٚگرتوە و خۆی لە ئاست ولأت و گەلانی سەربەخۆدا بەکەمتر زانیوە .. ئەم حالٚ و دۆخە تا هەلٚگیرسانی ئاگری شەری یەکەمی جیهانی درێژەی هەبووە . )) [28] , فایەقی تاپۆ دەلیٚ :

بە مەعموری کە مشهوری جیهان بوو خاکی کوردستان

هەموو ویرانەیە ئێستا لە زولٚم و وەحشەتی تورکان

لەبەر لاشەی بەنی ئادەم چ مومکین هاتو چۆکردن

لە نەعرەی برسێتی قابیل نییە ئینسان نەبیٚگریان [29]

لە شیعریکی تردا دەلیٚ:

دەهەلٚسن تاکو ئیمەش دەولٚەتیکی کوردی تەشکیل کەین

---

[25] - نەوشیروان مستەفا ئەمین , بەدەم رێگەوە گولچنین , ل125

[26] –شیعری ( بوشاگردانی مەکتەب) کە لە دیوانەکەیدا بە ناونیشانی ( بۆ قوتابیان ) هاتوە ژمارەی دیرەکانی کەمترە لەوەی کە لە بانگی کورد دا بلاوکراوەتەوە. هەروەها هەندیٚ دەسکاریش کراوە ل 180 دیوانی زیوەر . ئامادەکردنی محمد زیوەر. ئاراس0 هەولیر . 2003

[27] - احسان سركيس , الادب والسياسة , بيروت , دار الطليعة , ص 70

[28] - د. عەبدوللا ئاگرین , شیعری سیاسی کوردی , لا 27

[29] - د.فەرهاد پیربالٚ، شیعری نوێی کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر ، ل

**وەکو قەومی یەهود و سرب و بولگارو , ئەرمەن و یۆنان**

**فەلستین و یەمەن , قەتعەی حیجازو گورجی و ئەرمەن**

**هەموو بووینە قرال و ئیمبراتۆر , حاکم و سوڵتان** [30]

**شێخ محمود کۆمەڵێك کەسایەتی دیار به سەرۆکایەتی ( فایەقی تاپۆ ) بۆ لای ئینگلیزەکان دەنێرێت , لەگەڵ ئینگلیزەکاندا رێکەوتنێکیان کردوە ئەوەی تێدایە کە هاوپەیمانەکان دوای دەرکردنی تورکەکان دان بە سەربەخۆیی کورددا دەنێن ..** [31] **ئەم بایەخدانەی شێخ محمود بە شاعیرێکی وەکو فایەقی تاپۆ ئەوە دەردەخات کە شێخ پەیوەندی لەگەڵ شاعیراندا باشبووە .**

**هەردوو گۆڤاری ( ژین ) و ( کوردستان ) زیاتر لە ( 52 ) شیعری نوێی کوردی بە هەردوو دیالیکتی کرمانجی باکورو باشور بلاْودەکاتەوە , بێگومان ئەم دەقانە کاریگەریان لەسەر بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد دەبێت .بە هۆی دوو دەستە لە منەوەرانی باشوری کوردستانەوە کە دەستەیەکیان لە ئەستەمبول بوون و خەریکی بلاْوکردنەوەی رۆشنبیری و ئەدەبیات بوون بەشداریش بوون لە ریکخراوە سیاسیەکانی سەردەمەکە . دەستەکەی تریشیان ئەوانە بوون کە لە سلێمانی و لە رێگەی منەوەرانی تورکیاو شاعیران و نووسەرانی نەتەوەخوازی تورکەوە رۆڵیان هەبوو لە بلاْوکردنەوەی بیری نەتەوەیی کوردی .**

**بەم پێیە رۆشنبیران و شاعیرانی کورد هەرزوو کاریان بۆ ئەوە کردوە کە کورد نەبێتە بەشێك لە ستراتیژی نەتەوە بالاْدەستەکانی ناوچەکە , بەڵکو خۆی ببێتە خاوەنی ستراتیژی خۆی .د. مارف خەزنەدار دەڵێ : (( ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم تا جەنگی یەکەمی گێتی 1914 , بیری نیشتمانپەروەری و پراکتیك کردنی سیاسەت لە پێناو کوردایەتی هەموو کوردستانی گرتبووەوە . ))** [32]

**((مستەفا پاشا یامولکی , تۆفیق وەهبی , جەمال عیرفان , عارف سائیب , سالح بەگی ساحیبقران , ئەمانە رۆلی بەرچاویان هەبوو لە دروستکردنی ناسیونالیزمی کوردیدا ,کە لە رووی پراکتیکیەوە , کاریان دەکرد و باوەریان وابوو کە ئینگلیز دەتوانی رۆلی گەورە لە دروستکردنی ناسنامەیی نەتەوەیی کوردیدا بگێری , دروستکردنی ( جەمعیەتی کوردستان ) پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەلاْیەتی بوو بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە کۆمەڵگای کوردی لە باشوور یەکبخرێت .. ))** [33]

**رۆڵی رۆژنامەی ( تێگەیشتنی راستی ) لە بلاْوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردیدا دیارو بەرچاوە کە لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە : ( رۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتماعی و خادیمی یەکبون و سەربەستی کوردانە ) . ( میجەرسۆن ) بە سەرپەرشتی خۆی و بە هاوکاری( شوکری فەزلی ) دەری کردووە . گەلێ بابەتی ئەدەبی سیاسی , مێژوویی , شیعری شاعیرەکانی کوردی تێدا بلاْوکراوەتەوە ))**[34] **. هەر لەم بارەیەوە د. کەمال مەزهەر دەربارەی کاریگەری رۆژنامەکە لەسەر کوردەکانی باشوور دەڵێ : (( گومان لەوەدا نییە کە تێگەیشتنی راستی ژمارەی لێدەگەیشتە ئەو ناوچانەی کوردستان کە هێشتا بەدەست لەشکری**

---

[30] - د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر ، ل

[31] - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی کوردی , بەرگی یەکەم, ل 341

[32] – د. مارف خەزنەدار , مێژووی ئەدەبی کوردی , ب. 4 , ئاراس , چ 2 , 2010 , لا 11

[33] - مەجید سالح , بیری نەتەوەیی لای شیخ نووری شیخ سالح , سلێمانی , 2016 , ل 64

[34] - نەوشیروان مستەفا ، بەدەم ریگەوە گولچنین ، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی كوردی ، كتێبی دووەم ، بەرگی یەكەم ، ل 143

عوسمانییەكانەوە بوون دوور نییە ژمارەی لێگەیشتبێتە كوردستانی ئێرانیش , چونكە ئینگلیز بایەخی زۆریان پێدەدا و لەسەر لاپەرەكانی ( تێگەیشتنی راستی ) رەنگی دابووە )) .[35] بەم پێیە دەگەینە ئەو راستییەی كە (( رۆژنامەگەری كوردی , كە شیعر لە بابەتە سەرەكیەكانێتی لەو ماوەیەدا رۆلێكی گرنگ و پر بایەخی لە بواری گەشەكردنی ناسیۆنالیزمی كوردیدا بینیوە ))[36]

**شیعری سیاسی سەردەمی حوكمرانی شێخ محمود ( 1918 – 1925 )**

بیری نەتەوەیی هەرزوو لای شێخ محمود سەریهەڵداوە , وەك لە وەلأمی نامەیەكی سەفوەت بەگی نوێنەری روسیادا لە ساڵی 1915 دا نوسیویێتی دەردەكەویت كە دەڵێت : (( هەموو هیوام ئەوەیە كوردو كوردستان لەو دوژمنە رزگاری بێت , ئەوەی دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بكات دۆستمانە .. ))[37] كەواتە بیری نەتەوەیی لای شێخ بنەمایەكی هەبووە بۆیە بۆ رزگاربوونی كوردستان ناچارە كە هەر كەسیك یارمەتی بدات بە دۆستی خۆی دەزانێت .لە نامەیەكی تردا بۆ ویلست دەڵێت : (( مەبەستی دەوڵەتە گەورەكان لە جەنگدا , هەروەكو لە بەیانامەكەی سەرۆك كۆماری ئەمریكا و چەرچلی شالیاری بەریتانیادا هاتوە , داننانە بە مافی گەلە مافخوراوەكان و سەربەخۆییاندا , ئێمە بە پێی باوەرمان بەم بەیاننامەیەو بەڵێنی دەوڵەتە گەورەكان هیوامان وایە لە چاوێكی سۆزەوە سەیری مەسەلەكەمان بكرێت و لە رزگاركردنی كوردستان و دەركردنی تورك و بلأوكردنەوەی بانگی سەربەخۆییدا یا یارمەتیمان بدەن . ))[38]

هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی كوردستان بە یەكێك لە كۆڵەگە گرنگەكانی پرۆژەی بیری نەتەوەیی دادەنرێت كە شێخ هەوڵی بۆ دەدا .

شێخ محمود كە نازناوی شیعری ( نوربەخشی ) یە لە شیعری ( شەری سورداش ) دەڵێت :

دڵ لەبەندی سینەدا دووبارە واوەیلا ئەكا نوربەخشی ناسرەویٚ مەیلی شەرو غەوغا ئەكا
ئینتقامی قەومی لێقەوماو بەحەق داوا ئەكا رۆژو شەو فیكرم لە دنیادا عیلم بەر پا ئەكا

بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا (( شێخ محمود سەركردەیەكی پشتبەستوو بە بنەمای عەشیرەتایەتی و تەریقەت بووە و هەستیكی سادەی نەتەوایەتی لە دوای كۆتایی هاتنی شەر لە لا دروست بووە , بەلأم ئەو هەستە لەو ئاستەدا نەبووە گوتاری نەتەوەیی بەرهەم بهێنیت ))[39] شێخ مەحمود بە كوشتنی جەمال عیرفان و چاودێریكردنە سەر مستەفا پاشای یاملكی , دەگەینە ئەو راستیەی كە بیری نەتەوەیی كوردی بە پێی چەمكی ناسیۆنالیزم لە هزری شێخدا ئامادەیی نەبووە . چونكە لە دەسەلأتەكەی شێخ مەحموددا دەستە بژیر لە خوێندەوارو ناسیونالیستەكان رۆڵ وكاریگەریان لە بریاری سیاسی و رێكخستنی كارگێریدا نەبووە .

شاهبازی بووم , لە مەیدانی شكاری دوژمنا جەهلی میللەت , بوو بە زیلەت بەسەر شانی منا

شێخ قورسایی و لێهاتوویی خۆی دەردەخات و هۆكاری شكاندن و سەرنەكەوتنی خۆی وبزوتنەوەكەی دەگێرێتەوە بۆ نەزانینی میللەت .شێخ توشی سەرلێشێوانی سیاسی بۆتەوە لە مامەڵەكردنیدا لەگەڵ دۆخەكەدا كە چۆن دەگات بە سەربەخۆیی لە نێوان دابران لە توركەكان ورووكردنە ئینگلیزەكان .

[35] د. كەمال مەزهەر . شوێنی تێگەیشتنی راستی لە مێژووی رۆژنامەوانی كوردیدا . ل146
[36] - جەعفەر عەلی , ناسۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی كوردی , ل197
[37] - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی كوردی , بەرگی یەكەم ل 335
[38] - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی كوردی , بەرگی یەكەم ل 339
[39] - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی كوردی , بەرگی یەكەم ل 367

شیعری سیاسی لەم قۆناغەدا كە هەڵگری سیمای نەتەوەیی یە , هۆكار بووە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش لە پێناوی سەربەخۆییدا, چونكە (( لە هەندێ باردا یان قۆناغی جۆراوجۆری بزوتنەوەكان , شیعر دەبێتە بەشێك لە كاری شۆڕشگێڕانەی كۆمەڵانی خەڵك )) [40] شیعریسیاسی كوردی لە كۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییەكاندا سەرەرای ئەوەی ئەركی هۆشیاركردنەوەی خەڵكی كوردستانی دەبینی , لە هەمانكاتیشدا زەمینەیەكی لەباری بۆ شۆڕش رەخساند , بە تایبەتی دوای هاتنی ئینگلیزەكان بۆ ناوچەكە , لە دیارترین ئەو شۆڕشانەی كە لە باشووری كوردستان سەری هەڵدا شۆڕشی شێخ محمود بوو .(( شاعیرانی سەردەمی عوسمانییەكان و تەنانەت لە سایەیی ئینگلیزەكانیشدا لە رێگەی شیعرە سیاسیەكانیەوە هێڵی سەرەكی و گشتی نەتەوەیی نیشتمانی گرتووە و سەر بە هەر كۆمەڵ و فیكرێك بووبێت هەرگیز نەبوونە بە لایەنگرێگی سەر بە حیزب و گروپێكی سیاسی و نەچونەتە نێو بەرەرەكانی سیاسی حیزبەكانەوە خۆ ئەگەر چوو بێتە ئەو ململانێشەوە . ئەوا شێوەیەكی ئارام و هێمنی لەخۆی گرتبوو )) [41] . لەم لایەنەوە ئەركی ئەدەب ئەوەیە كە رۆلی هەبێ لە ئاراستەكردنی خەڵك بەرەو ئایندەیەكی گەش , كە بەشدار بێت لە جولانەوە سیاسیەكاندا بۆیە شیعر (( پێویستە خولقێنەرو بنیاتنەری گۆرانكارییە كۆمەڵایەتیەكان و لە هەندێ كاتدا ئالا هەڵگری جولانەوەكانیشی بێ . )) [42] . هەربۆیە شاعیران وەك كەسانی دیاری ناو خەڵك لە سۆنگەی بەرپرسیارەتی و ئەركی سەر شانیان , هەمیشە رێنیشاندەر بوونە و راستییەكانیان خستۆتە روو , رەخنەشیان لە سیستەم و دەسەڵاتداران گرتووە .(( شیعر لە بواری هۆشیاری فیكریدا رۆڵی خۆی وەك چەكێكی نووك تیژ ئەبینێ , شاعیر باسەركردەی را پەرین و شۆڕشی نەكردبێ, بەڵام لە كوانوی شیعرەكانیەوە تەزووی هۆشیاری و گیانی شۆڕشگێری , جولانەوەی سیاسی بەخشیوە . )) [43] د. ئاگرین دەڵێ: (( شاعیرانی كورد دوای كۆتایی جەنگ شیعر كاریگەری سەردەم و بواری چالاكی سیاسیان بوو . ژان و سوێی ژیانی ژێر چەپۆكی ستەمی عوسمانییەكانیان تێكەڵ بە جەوری ئینگلیزە داگیركەرەكان كرد وگیانی نیشتمان پەروەریان پێ وروژان و تۆویی شۆڕشگێڕیان وەشان . )) [44]

هەندێ لە رەخنەگران پێیان وایە كە ئەگەر شاعیر ئاگاداری دەووروبەری خۆی ونەتەوەكەی و دەورووبەری جیهانی نەبێت ئەوا ناتوانێ پەیامەكەی بگەیەنێتە جەماوەر . كەواتە شاعیر تەعبیر لەو واقیعە دەكات كە تیایدا دەژی (( وەك شایەدێك بە هەموو دەنگی خۆی حوكم لەسەر ئەو شتانە دەدا كە دەیانبینێ و لەگەڵیاندا دەژی )) [45] بەم پێیە شاعیر لە هیچ شتێك بێدەنگ نابێت و رای خۆی دەردەبرێت . یەكێك لە شاعیرە ناسراوەكانی سەردەمی حكومرانی شێخ محمود وەك دەنگێكی شیعری قۆناغێكی گرنگ و مێژوویی كە جێگی بایەخی لیكۆڵەرانە ( حەمدی ) شاعیرە .(( دوای ئەوەی ئینگلیز ولایەتی موسڵی گرت ئەم یەكێك بووە لە ئاژاوە چییەكانی دەوری شێخ محمود و بۆ بەرزبوونەوەی خاكی كوردستان لە هاتوچۆدا بووە , كە شێخ محمود دیل كراوەو براوە بۆ هیندستان جێگەی ئەم , كەژو كێوەكان بووە ئاسمانی داوە بەخۆیا و زەوی كردوە بە رایەخی , كە شێخ هاتەوە حكومەتی

---

[40] - د.ابوبكر خۆشناو , شیعری بەرەنگاری ، ل102

[41] - د. ئەبوبەكر خۆشناو ، شیعری سیاسی ، ل102

[42] - د. عەبدوللا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی , لا 78

[43] - د. عەبدوللا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی , ل36

[44] - د. عەبدوللا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی , لا 33

[45] - د. ئەبوبەكر خۆشناو ، شیعری سیاسی ، ل 22

كوردستان دامەزرا , ئەم لە 1922 – 1923 بوو بە رئیسی گومرگ , لە پاشا لەبەر رێك نەكەوتن لە هەندێ بیرو باوەردا ئەو میانەیان لەگەڵ شێخ محموددا نەما و لێی تەكیەوە , تا ئەم وەختە بە ماڵ و بەگیان و بەزمان لە پشت شێخ محمود بوو , بەلآم لەم وەختە بەدواوە ئیتر نەو ! كەحكومەتی عێراق هاتە پێشەوە لە 1924 بوو بە رئیسی بەلەدیەی سولەیمانی , لە 1936 كۆچی دوایی كرد ))[46].

( حەمدی ) لە شیعری نیشتمانیدا دەوڵەمەندە , چونكە ئەو لە سەردەمێكدا ژیاوە كە بیری نەتەوەیی لە هەموو كوردستاندا پەرەی دەسەند , كوردستان لە بەر هێرش و پەلاماری توركان كۆلی نەداو بەردەوام بوو لە بەرخودان و بەرگریكردن .

ئەی وەتەن ! رۆم و عەجەم موشتاقی كوردستانتە ئیفتیخاری میللەتی كورد شەوكەتی عینوانتە

هاوسێ هەموو وەكو داڵن و ئەم كوردە وەك لاك چنگیان لە جگەر گاهی هەموو داوە بە بێ باك

بێ خوێنە گولی زەرد و زەعیفە وەكو خاشاك حەمدی ! دە بپێوە قورو سنگت بكە چاك چاك [47]

( حەمدی ) وەك نەتەوە پەرستێكی رۆشنبیر ئەركی سەرشانی بەرانبەر بە خاك و نەتەوەكەی بە رێك و پێكی بەجێهێناوە . رێگای دروستی كوردایەتی بە ماندونەبوون و ئازارەكانی نەخشە كێشاوە و پەنجەی لەسەر زۆربەی كەم كوری و ناتەواوییەكان داناوە . هەربۆیە لەبەر هەندێ هەڵوێست و بیر و بۆچوون لەگەڵ شێخ محموددا زۆر خراپ تێكچووە . بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرەو پێشبردن و چەسپاندنی بیری نەتەوەیی رۆڵی گرنگی بینیوە . بەلآم لەوسەردەمەدا چ شێخ محمود و چ ئەوانەی دەوروبەری لایەنگری بۆچوونەكانی حەمدی نەبوون بۆیە دەڵێ :

گەر بەگوێی حەمدی نەكەن فرسەت لەدەس با دەرنەچێ

با بە جارێ زوو بچینۆ سەر مەكینەی تەل گرین [48]

رەخنەوسەرنج و تێبینیەكانی بێسوود بوو , بەرەی گەندەڵكاران و هەڵپەرستان زۆر بەهێز بوو , هەموو بنەماو بیرو را چاكەكانیان پشت گوێ دەخست و هەوڵی بەرژەوەندی كەسی و بنەماڵەییان دەدا .

چارەم نەما دیسانەوە تەركی وەتەن ئەكەم

پێم چاترە لە مەعمووری ئەم نەوعە چۆل و هەرد [49]

ئەمە نموونەیەكە لە هەڵویستی دابران لە نیشتمان لەبری لكان بە نیشتمانەوە .

وەكو رەخنەگرێكی شارەزا و سیاسیەكی بە ئەزموون بەم شێوەیە باس لە پێكهێنانی حكومەتی دووەمی شێخ محموود دەكات و دەڵێ :

باسی تەشكیلاتی سانی هەر ئەكەم بۆ پێكەنین كەمترین بوو گەورەتر , هەم گەورەتر بوو كەمترین

---

46 - دیوانی حەمدی ، لیضكۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، سەركەوتن ، سلێمانی ، 1984 ، ل 406

47 - دیوانی حەمدی ، لێكۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، سەركەوتن ، سلێمانی ، 1984 ، ل408

48 - دیوانی حەمدی ، لێكۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، ل 333

49 - دیوانی حەمدی ، لێكۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، ل 244

**ناعیلاجم ئیسم و شوهرەت باس ئەكەم عاجز مەبن تا ببینن شكلی وەزعیەت بە جاریٚ قارئین [50]**

**( حەمدی ) بە باشی لە قۆناغە سیاسیەكەی سەردەمی ئینگلیزەكان تێگەیشتوە , شەن و كەوی بارودۆخەكەی زیرەكانە كردووە , بە لایەوە وا باش بووە كەلەگەڵ سیاسەتی گشتی سەر**

**دەمەكەدا بڕوات بۆ ئەوەی سوودێك و قازانجێكی بەركەوێت , گەلی كوردیش هۆشیار دەبێتەوە ڕاست و ناڕاستی بۆ ئاشكرا دەبێت و هەر بۆیە دەڵێ :**

**هەر لەبەر بەرزبوونەوەی ئەم كوردە ژێر پێ كەوتووە**

**دامەنی مەندوبی سامی پەنجەی ( مس بیل ) گرین [51]**

**ئاشكراكردنی پیلانی داگیركەران و نیازەكانیان بۆ داگیركردنی كوردستان و خستنە ڕووی ڕاستەقینەی بێگانە بە خاكی كوردستان لە لای حەمدی بە ئاشكرا دیارە .**

**حەمدی دەناسێ تورك و عەجەم دیارە ئەجنەبیش**

**دوژمن بە خاكی كوردن, ئەمانەت كە دی ڕاكە [52]**

**بیری یەكێتی نەتەوەیی و یەك پارچەیی خاكی كوردستان لە بیرو باوەری ڕاستەقینەی دا لەم شیعرەدا ڕەنگی داوەتەوە كە دەڵێ:**

**لە ( وان ) و ( ورمێ ) یە تاكو دەگاتە خاكی لورستان**

**لە تەبلیس و دیار بەكر و جەزیرە تا خەتی سنجەر**

**ئەمە شەرقی شیمال , غەربی جنووب ساحەی كوردە**

**كە ئەم ئەرزە بە تووزێكی دەرێژێ دیدەی قەیسەر [53]**

**بەم پێیە هەموو ئەو تێڕوانینانەی لە شیعرە سیاسیەكانیدا دەیخاتە ڕوو ڕۆڵی گرنگیان دەبێ لە هۆشیاركردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك و گەشەكردنی بیری نەتەوەیی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵكی كوردستان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی . ( زێوەر ) ی شاعیریش لە ڕێگەی شیعرو ئەدەبەوە خزمەتی گەل و نیشتمانەكەی كردوە . ڕۆڵێكی دیاری هەبووە لە پێگەیاندن و ڕێنوێنی كردنی شاعیرانی سەردەمەكەی بە تایبەتی لەو لایەنەوە كە شیعر بۆ نیشتمان و نەتەوەی كورد بنووسن , هەروەكو لەم دەقەدا كە بۆ ڕەفیق حیلمی نوسیووە دەڵێ :**

**ئەی ڕەفیقی موحتەرەم ئەی شاعیری شیرین مەقال !**

**هاتە بەر مەددی نەزەر فكرت وەكو ئاوی زولاڵ**

**من ئومێدی گەورە گەورەم پێتە بۆ ئەم میلەتە**

**حەیفە سەرفی فكری خۆت كەی تۆ لە زولف و خەتو خاڵ ! [54]**

---

[50] - دیوانی حەمدی ، لێكۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، 127

[51] - دیوانی حەمدی ، لێكۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، ل332

[52] - دیوانی حەمدی ، لێكۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، ل 358

[53] - دیوانی حەمدی ، لێكۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، ل 97

[54] - **ڕەفیق حیلمی , شیعرو ئەدەبیاتی كوردی , بەرگی دووەم، هەولێر , 1988 , ل 46**

گومان لەوە ناكرێ كە دەورێكی كرنگی گێراوە لە پێگەیاندنی شێخ محموددا ,چونكە مامۆستای بووە . بە هۆی بایەخدانی بنەماڵەی شێخ محمود بە ئەدەبیات و شاعیران رێزی زۆریان لە زێوەر گرتووە هەر بەوەشدا دەردەكەوێت كە هاورێ ی سەفەرەكەی بنەماڵەكەیان بووە بۆ ئەستەنبول و سێ مانگ پێكەوە هاورێ سەفەر و مانەوە بوونە پیرەمێردی شاعیریش یەكێك بووە لە ئەندامانی وەفدەكە . زێوەر لە ئەستەنبول ئاشنای سروود دەبێت و كە دەگەرێتەوە بۆ كوردستان , كۆمەلێك سروود دادەنێت . هەموو لێكۆلەرانی كورد جەخت لەو راستیە دەكەنەوە, كە زێوەر شاعیرێكی رووناكبیری ئەو قۆناغە بووە . وەك نیشتمان پەروەرێكی كورد پەروەر هەمیشە رووی دەمی لەنەتەوەكەی بووە بۆ خزمەت و تێكۆشان و خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی كوردستاندا.

لە نامەیەكدا كە ( عەلی كەمال ) بۆ زێوەری ناردووە دەڵێ : (( لە لایەكی ترەوە خۆشحاڵ وشادمانم , چونكە لە زاتێكی گەورە وگران بە بەهای وەك ئێوەوە فێری نیشتمان پەروەری بووم و لە سایەیی هەوڵ و كۆششی ئێوەوە بووم بە خاوەنی بیرو هۆشێك ))[55]. ئەم شایەدیە بۆ زێوەر و بۆ زۆرێك لە شاعیرانی تری قۆناغەكە راستە تەنانەت بۆ كەسێكی وەك شێخ محمودیش .

شاعیرە كوردەكان بەرهەمەكانیان كردە پێداویستێیەكی رۆژانە بۆ گۆرینی باری ژیانی كۆمەڵەكەیان و بوو بە شتێكی گرنگ لە هۆیەكانی بە ئاگا هێنانەوە و وریاكردنەوە . ئامانجیشیان گەیاندی بیروباوەری نەتەوەیی نیشتمانی بوو .[56]بەلای زێوەرەوە رۆژنامەوانی وچاپخانە یەكێكە لە هۆ سەرەكیەكانی پلەی پێشكەوتن و دروشمی بەرەو پێشچوونی میللەت و گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی .

لە سەردەمی زێوەردا خۆشەویستی نیشتمان رەهەندێكی تر وەردەگرێ بە جۆرێك (( لەو دەستورە تێپەری كرد كە تەنها خۆشەویستی شاعیرەكان خۆیان پیشان بدات بەرامبەر كوردستان بەلكو ئەمجارەیان رێگایەكی تری گرتە بەرو بوارێكی تری هەڵبژارد بۆ هاتنە ناوەوەی , ئەویش هۆشیار كردنەوەی گەل بوو بۆ ریزگرتن و خۆشەویستی نیشتمان و قوربانی دان لە پێناویدا . ))[57]

سەرجەمی ئەو نارەزایی و بیزاریەیی كەشاعیر لە سەردەمی فەرمانرەوایی عوسمانیەكاندا دەری دەبرێ بۆ خۆی بەگژدا چونەوەیەكی ئەو دەسەڵاتە بووە , هەروەك لەم پارچەیەدا بەدی دەكرێ و بە ناوی ( كاربەدەستانی ئیستبداد ) ەوە تیایدا دەڵێ :

وەك تیر لە كەوان دەر ئەپەرن تاقمی مەئمور بۆ قاوە بۆ چایی بەرەو خوارو بەرەو ژوور

بۆ لاقە مریشكێ ئەچنە كانی ئەزمەر بۆ قوبلی ئەرۆن لیرە هەتا چەشمەیی ئامور[58]

لە دوای شكستی دەولەتی عوسمانی و دۆراندنی لە جەنگی جیهانی یەكەمدا و هاتنی ئینگلیزەكان بۆ باشووری كوردستان , شێخ محمود لە گەڵیاندا كەوتە ململانێ و لە دوایدا توانی دەسەڵاتی سەربەخۆیی لە سلێمانی و دەووروبەری رابگەیەنێ لە نێوان

[55] - د. مەحمەد فازیل ، زێوەر ژیان و بەرهەمی ، هەولێر ، 2010 ، ل25
[56] - د. مەحمەد فازیل ، زێوەر ژیان و بەرهەمی ، ل28
[57] - د. دلشاد عەلی , دیلان شاعیرو ئاشتیخواز ,چاپخانەی كۆری زانیاری كورد ،بەغدا ، 1981 ل 8
[58] - دیوانی زێوەر ، محمود زێوەر ، چاپی یەكەم ، هەولێر ، 2003 ، ل 234

سالانی 1919 – 1925 دا . بەم شێوەیە تاقیكردنەوەی ژیانی سیاسی كوردی باشوور لەگەڵ عوسمانییەكاندا كە هیچ لە بەرژەوەندی گەلی كورد دا نەبوو كۆتایی پێ هات . لە هەمانكاتدا تاقیكردنەوەی دەسەلاتی گەلی كورد لە باشوور لە سایەی حوكمرانی كوردیدا شكستی هێناو بێ ئومێدی لێكەوتەوە . ئیتر ئینگلیز لەگەڵ هاوپەیمانەكانی توانی باشوور ( ویلایەتی موسل ) لە سالی 1925 بلكێنێت بە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە . ئیتر منەوەران و شاعیران بە ئومێدی ژیانێكی سیاسی نوێ كەوتنە پیا هەڵدان بە دەوڵەتی تازەی عێراق هەروەكو زێوەر دەڵێ :

لە فەیزی لوتفی خواوە ولایەتی موسل نەجاتی بوو بە تەواوی لە پەنجەی رۆمی

بەلێ نەتیجەی زوڵم و جەفایە بۆ هەركەسێ بەرۆكی خۆی ئەگرێ عاقیبەت بە مشئوومی

گولاهی فەخری هەموو كوردەكان گەیشتە فەلەك كە توركی دا بە زەویدا خەیاڵی مەوهومی [59]

دوای ئەوەی دەسەلاتی كوردی شكست دەهێنێت لە خۆ بەرێوەبردندا , گۆڕان لە بیری سیاسی زێوەر دروست دەبێت, بانگەشە بۆ دەوڵەتی عیراقی دەكات .. بۆیە بەرەو عێراقچێتی هەنگاو دەنێ و لەو لایەنەشەوە چەند دەقێكی شیعری لە بارەی ئالآ و جوگرافیای عێراق نووسیووە :

كە عوسبەتول ئومەم ئەم حوكمە عادیلانە دا حەیاتی دا بە عێراق و نەماوە مەحرومی

بەروونی ئەوە دەردەكەوێت كە زێوەر پشتی لە دەوڵەتی عوسمانی كردووە و پشتیوانی لە سیاسەتی ئینگلیز كردووە . ئەم بۆچوونانەی لە 1924 بەدواوە خستۆتە روو :

بژی بە عەدلەوە عوسبە لەگەڵ بەریتانی چرای ولاتە قەراریان بە لەفزی مەفهوومی [60]

بەلآم هەر لە سالی 1924دا شیعرێك بە ناونیشانی (ماڵ جوێكردنەوە) دەنووسێ كە تیایدا هەڵوێستێكی نوێی شاعیر دەردەكەوێ , كە بریتیە لە بیری سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراقی نوێدا :

یابە فەرەزن تۆ شای زەمینی رازیم بە بەشی خۆم و مسكێنی

دیجلە و فوراتت با هەر بۆ خۆت بێ منیش كوردستان شاخی رەنگینی

هەواكەی شاهۆ , ئاوەكەی قەندیل قەت رێك ناكەوێ دەست لەمل یەك كەن [61]

بیری عێراقچێتی لە دەقەكانی ( ئەی عێراق ) و ( جوگرافیایی عێراق ) و ( ئیدارەی عێراق ) و( گۆرانی بەیداخ ) رەنگی داوەتەوە , ئەمەش بۆخۆی گۆرانێكی گەورەیە لە هەڵوێست و بیری نەتەوەیی شاعیردا .[62] بەلآم ئەوەی لە چیرۆكە خەیاڵیەكەی زێوەردا دەخوێنرێتەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە زێوەر رەخنەی لە حكومەتی شێخ محمود گرتووە كە هیچ دامەزراوەیەكی حكومەتی و نیشتمانی دوور لە دەستوەردانی هەرەمەكی بوونی نەبووە . رەخنەگرتنە لە نەبوونی یاسا و دەستور كە حكومەت كاری پێ بكات . بیری رەخنەیی لەو چیرۆكە دا كە بە ناراستەوخۆ رەخنە لە حكومەتی شێخ محمود دەگرێت دەچێتە خانەی

[59] - دیوانی زێوەر ، محمود زێوەر ، ل 61
[60] - دیوانی زێوەر ، محمود زێوەر ، ل 62
[61] - دیوانی زێوەر ، محمود زێوەر ، ل 82
[62] - دیوانی زێوەر ، محمود زێوەر ، ل 183, 187 , 188 , 198 .

**پەرەوکردنی بیری نەتەوەیی و نیشتمانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردیەوە , نابێت وەك هەلوێستێك لە کاری دوژمنکارانەی بە شێك لە شاعیران سەیر بکرێ .** [63]

**( شوكری فەزڵی ) یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی کوردستان و پێگەیەکی دیاری لە ناو شاعیرانی کلاسیکی کوردی قۆناغی سەدەی نۆزدە و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هەیە . (( شوکری فەزلی خۆی کە کارگێرێکی چالاکی رۆژنامەی ( تێگەیشتنی راستی ) بووە و وەك کوردێك رۆلی یەجگار گرنگی تیا بینیوە .. گۆشەیەکی تایبەتی تەرخان کردبوو . بۆ ئەوەی لە ژیان و شیعری شاعیرە ناودارەکانی کورد بدوێ . ))** [64] **جگە لەو شیعرانەی کە پێشکەشی شێخ محمودی کردوە , لەبواری رۆشنبیری و ئەدەبی سەردەمدا رۆلێکی گرنگی گێراوە و جێی پەنجەی لە رۆژنامەی تێگەیشتنی راستیدا دیارە . لە یەکێ لەو نووسینانەی لە تێگەیشتنی راستیدا نووسیوێتی بەلگەی زیندویتی بیری نەتەوەیی شوکری فەزلیمان بۆ دەسەلمێنێ . کە دەلێ : (( ئینگلیز لە هەموو قەومێك زیاتر دۆستی کوردانن , ئاشقی شوجاعەتی ئەوانن دلیری کوردانیان چاك بیستووە , لەبەر ئەمە زۆریان خۆش ئەوێن . ))** [65] **شوکری لە تەمەنی شەش حەوت سالێدا لە بەغداوە دێتە سلێمانی , سەرەتای خوێندنی لە قوتابخانەی میری بووە , لەو ماوەیەدا شێخ محمودی ناسیووە و لەو سالەوە بە درێژایی ژیانیان هاورێی نزیکی یەکتری بوون . زۆربەی ماوەی ژیانی لە مندالیەوە تا دەوروبەری چل سالی لە سلێمانی بردۆتە سەر .** [66] **لە پێش دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە سلێمانی گەراوەتەوە بۆ بەغدا لەوێ جێنیشن بووە تا دوایی ژیانی .**

**لە ماوەی حوکمرانی شێخ محمود دا شاعیر بەچەند شیعرێك ستایشی مەلیکی کوردستان دەکات خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبرێ . ئومێدی سەربەخۆیی بەو جولانەوەیەوە گرێ دەدات . لە دیارترین ئەو شیعرانەی کە بۆ شێخ محمودی نووسیوە , شیعری ( ئیش کە رووی ئێستە لە هەورازە .. کە (( شاعیر سالی 1923 پێشکەش بە قارەمانی دەربەند وئاوباریکی کردووە . ئەمەش دیارە لەکاتێکدا بووە , شێخ محمود لە هندستان رووەو هەوارگەی باوباپیرانی ئەهێنرێتەوە و لە بەغدا لا ئەدات و شوکری فەزلی ئەدیب و رۆشنبیرو ئاوەلی منالی . ئەچێتە خزمەتی شێخ و قەسیدەکەی بە دیاری پێشکەش دەکات . ))** [67] **ئەو بیرورایەیی شاعیر لەو کاتەدا دەری بریوە لە چاو سەردەمەکەی خۆیدا کەس بە قەرەی ناگات , چونکە بایەخی ئەو قەسیدەیە لەو روانگەیەوە سەرهەلئەدات کە یەکەم قەسیدەیە بۆبەرامی هەستی نەتەوەیی تیا بەدی ئەکرێت .. بەلکو گرنگی لەوەدایە قەسیدەکە لە لایەن مرۆڤێکی هۆشیارو ئەدیب و رۆشنبیرێکی پێشکەوتوخوازەوە نووسراوە کە خودی خۆی لە ناو جەرگەی کێشەو ململانێی کارەساتەکەدا ژیاوە و لە سیاسەتی داگیر کەرانەی ئینگلیزو هاوپەیمانەکانی بە ئاگا بووە و لە نزیکەوە تێکەل و لێکەیانی هەست پێکردووە .** [68] **شوکری فەزلی وەك هەموو رووناکبیرێکی بیر تیژی کورد هەستی بەوە کردبوو هێنانەوەی شێخ محمود لە**

---

[63] - **مەحمود زێوەر , گەنجینەی زێرینی زێوەر , بەرێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی** , 2012 .

[64] - عەبدولا ئاگرین ، شوکری فەزلی ، شاعیرێکی سیاسی ، ل 12

[65] - د. کەمال مەزهەر ، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا ، بەغدا ، 1978 ل103

[66] - د. مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی پێنجەم ، 1914 – 1945 ، ئاراس ، هەولێر ، چ 2 ، ل 419

[67] - عەبدولا ئاگرین ، شوکری فەزلی ، شاعیرێکی سیاسی , ل 29

[68] - عەبدولا ئاگرین ، شوکری فەزلی ، شاعیرێکی سیاسی , ل 34

هندستانەوە هەروا لە گۆترە نەبووە و رۆژی کورد لە هەلاتندایە داهاتێکی گەش و کامەران پێشوازی لە خۆی نەتەوەکەی ئەکات بەلام ئەمە لە کاتێکدا بەدی دێت , بزانرێ چی ئەکرێت و هەنگاو چۆن دەنرێ و بەچ شێوەیەك بەگژ ئینگلیزەکاندا ئەچن ؟

( ئەحمەد موختارجاف ) نیشتمانپەروەرێك بووە , بەراستی کوردایەتی کردووە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی تەرخان کردووە بۆ مەسەلەی رزگاری کورد وکوردستان . سۆزی دەروونی ناوەوەی تێکەڵ بە هیواو ئامانجی سیاسی و کۆمەلایەتی کردووە . دلبەرو کوردستان تێکەڵ بە یەکتری کراون . بۆیە دیوانی ئەحمەد بە تەنیا شیعری تایبەتی هەیە بۆ دولبەرو شیعری تایبەتی دیکەی بۆ کوردستان . [69]

لە خەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزل و هونەرتانە

دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزلوم

بە گورجی بیبرن ئەو رێگە دوورەی وا لەبەرتانە [70]

کاریگەری ئەم شیعرە لەسەر خوێنەران و بیسەرانی بەڵگە نەویستە چونکە وتەکانی ئەم شیعرە وەك ئامۆژگارییەك مرۆڤ هاندەدات کوردایەتی بکا لە پێناوی سەربەخۆیی ئەو ولاتە رەنگین و جوانەی کوردستانی پێ دەلێن :

وەختی تێکۆشانە ئەی قەومینە غەفلەت تابەکەی وا خەزانی کردووە ئێستێکە گولزاری وەتەن

خۆ وەتەن ئەمرۆ نەخۆشە ئەم تەبیبی حازیقە چی ئەبێ بیکا موداو قەلبی بیماری وەتەن کوانی خەلقینە لە

کوێن فیرقەی مونەووەر نیشتمان چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەردو ئازاری وەتەن [71]

شاعیر لایەنی کەم و کورتی و بێ ئاگایی لە دەردو ئازارەکانی میللەت دەخاتە روو و دەیبەستێتەوە بە غافلبوون و بێباکبوون لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی داوای تێکۆشان دەکات , کە هەوڵی ئاوەدانکرنەوەی کوردستان بدەن . چونکە دۆخەکە وەها وەسف دەکات کە توشە نەخۆشی بووە بۆ چارەسەرکردنی روو لە دەستە بژێر دەکات کە بە منەوەر ناویان دەبات کە بێن و فریایی کوردستان بکەون کە ئەوانە لە دەردو ئازاری شارەزان . دەکرێ بلێین شاعیر پێیی وایە کە ولات بە کەسانی نەخوێندەوار ناروات بەرێوە . کلیلی چارەسەری کێشەکان و دروستکردنی نیشتمانێکی جوان و رازاوە لە بیرو راو هونەری منەوەرانی سەردەمەکەوەیە .

.( ئەحمەد موختار جاف ) دەڵێت:

من کە کوردم حەز لە خاکی پاکی کوردستان ئەکەم ئارەزووی دەوری تەرەقی حاکمی بابان ئەکەم

نا وجاخە ئەو کەسەی خزمەت بکا بۆ غەیری خۆی تا بە مردن شەرتە من هەر بەندەیی خۆمان ئەکەم میللەتی من

هەروەکو شێری ژیانن بۆ نەبەرد ئێستیەکە من چۆن ئیتاعەی ووشتری عوربیان ئەکەم

تا دەڵێ:

---

[69] - د.مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، ل 488

[70] - د. عزالدین مستەفا رەسول , دیوانی ئەحمەد موختار جاف , چاپخانەی ئەدیب , بەغدا , 1986 , ل83

[71] -- د. عزالدین مستەفا رەسول , دیوانی ئەحمەد موختار جاف , چاپخانەی ئەدیب , بەغدا , 1986 , ل 84

**کوردم و بۆ کوردی ( ئەحمەد ) سەعی ئەکەم تا بەم زووە**

**ئیتحادی کوردی خۆمان و سنە و بۆکان ئەکەم** [72]

**شاعیر بیری خیانەتکاری ریسوا دەکات , نەتەوەی کورد بە ئازاو قارەمان وەسف دەکات و دەڵێ نابێ بە ژێر دەستەیی بێگانە قایل بن . بەڵکو دەبێت لە پێناو ئازادیدا قوربانی بدەن و هەمیشە سازو ئامادە بن بۆ رووبەروبوونەوەی ئێران و تورکەکان .**

**بیروبۆچونێك لەناو کوردستاندا بلاوبووە ئەویش رازیبوون بووە بە لکاندنی باشوری کوردستان  بە عیراقەوە لە بەرانبەریشدا بۆچونێك بە توندی بە گژیدا چۆتەوە .. تەنها کوردی بوون بۆ شاعیر فەخرە . بە دوای بەرژەوەندی کەسی خۆیدا ناگەرێت و پۆست و پایە دەکاتە قوربانی سەربەخۆیی . هەموو ئامانجی ئەوەیە کە بیری نەتەوەیی و خواستی دامەزراندنی شاعیران و شۆرشەکانی پێشرەو بۆ یەکێتی خاکی کوردان بهێنێتە دی .جۆرێك لە یاخیبوون لە بیری شاعیر دا سەر هەڵدەدات و و هانی خەڵك دەدات بۆ رەتکردنەوەی ژێر دەستەیی . هەرچەندە بیری تەندوتیژی و تۆی رق و قینەش دەچێنێ بەلاّم مەرجی بەرگری لە خاك و نەتەوە ئەو جۆرە هەولاّنەشی دەوێ تا هانی خەڵکی بدرێت, بۆ بەهێزکردنی بەرەی خۆیان لە بەرانبەری شالاوی داگیر کاری لە لایەن عەرەبی ئەو سەردەمەوە . ئەحمەد موختار جاف سەرباری باسکردنی چەوساندنەوەی کورد بە دەستی دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیا , لە هەمان کاتدا بە هەستێکی نەتەوەییەوە نوقلانەی بێداری و شۆرشی نیشتمان پەروەری دەبەخشێتە رۆلەکانی گەل ,هەروەك لە قەسیدەی (( هیوای پاشە رۆژ)) دا رەنگی داوەتەوە کە دەڵێت :**

**دێتە گوێم دەنگی بە سۆزو شیوەن و گریانەوە          ناڵەی دلە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە لانەوازو بێکەس و**

**مەزلوومن ئێستە قەومی کورد          گا بە دەستی تورکەکان و گا بە دەست ئێرانەوە**

**تا دەڵێ :**

**حاڵی کورد ئیستە لە بەینی تورك و ئێران و عەرەب          بێچووە تەیرێکە کە کەوتۆتە داوی منداڵانەوە  ئەمرۆ با وا بێ ,**

**بەلاّم رۆژێئەبێ ئەولادی کورد          بێنە میدان بەعیلم و سەنعەت و عیرفانەوە**

**نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە          هەر لە کرماشان هەتا ورمێ و سنە و بۆتانەوە**

**ریك ئەخەن وەزعیەتی وان و جزیرە سەربەسەر          عەقرە و زاخۆ ئەبەستن رێك بە قەد بۆکانەوە**

**خانەقین و مەندەلی و خاکی لورستان یەك بەیەك          وەك دەسمال ئەدروون بە بالای مەنتیقەی بابانەوە**

**کێو و کەژگشتی ئەبێتە باخ و جادە و قەسرو رێ          بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە** [73]

**د. مارف خەزنەدار دەلێت ئەو کاتەی ( هێمن )ی شاعیر لە بەغدا دەژیا رای خۆی لەسەر ئەم قەسیدەیە (( هیوای پاشە رۆژ )) بەم شێوەیە دەربریوە :(( من ئەو قەسیدەیە بە گوڵی سەرتۆپ و دوری سەر خەزێنەی هەموو شیعرە سیاسیەکانی کورد دەزانم . ))** [74]

---

[72] – د. عزالدین مستەفا رەسول , دیوانی ئەحمەد موختار جاف , چاپخانەی ئەدیب , بەغدا , 1986 , ل 88

[73] – د. عزالدین مستەفا رەسول , دیوانی ئەحمەد موختار جاف , چاپخانەی ئەدیب , بەغدا , 1986 , ل 96

[74] - د. مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەگی پێنجەم ، چاپی دووەم ، 2010 ، ل 492

پەیامی شاعیرانی قۆناغەكە زۆر ئاشتیانە و سیاسیانە بووە توندوتیژی نەكراوەتە میكانیزمی بە دەستهێنانی مافەكانی گەلی كورد بە تایبەتی لە قۆناغی سەردەمی حكومرانی شێخ محموددا , بەڵام دوای شكستی سیاسەتی شێخ محمود لەگەڵ ئینگلیزەكاندا و پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز لە بەڵێنەكانی كە بە كوردی دابوو شیخ محمود بە ناچاری پەنای بۆ خەباتی چەكداری برد .

### ئە نجام

1- شیعری سیاسی وەك چەكێكی دەستی گەلێكی چەوساوە , سەرچاوەیەكی كاریگەری بیری نەتەوەیی كورد و جولانەوە سیاسیە كەیەتی .

2- پەیوەندی ئەدەب بە سیاسەتەوە ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگرە لەم لایەنەوە پەردەمان لەسەر كۆمەڵێ باس و تێڕوانین هەڵداوەتەوە, هێڵەكانی پەیوەندی نێوان ئەدەب بە سیاسەتەوە دەستنیشان كردوە

3- بیری نەتەوەیی لە سەردەمی عوسمانییەكاندا هەستێكی سادە بووە نەبوەتە گوتارێكی نەتەویی . جولاندنەوەی رزگاری خوازی كوردی لە بازنەی عەشیرەت و ناوچەیی تێپەری نەكردووە

4- شیعری سیاسی كوردی لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە سەردەمی دامەزراندنی حكومەتی شێخ محموددا دێتە ناو ئەدەبی كوردییەوە, ئەو دەقە شیعرییانەی بۆ نیشتمان نووسراون لە ئەحمەدی خانییەوە بۆ سەردەمی شێخ دەچنە ناو ئەدەبی بەرەنگارییەوە لەژێر ناوی شیعری نیشتمانی و شیعری رزگاریخوازی

5- رۆژنامەگەری كوردی لە ماوەی نیوان 1898 – 1918 رۆڵی دیارو كاریگەری هەبوو لەسەر سەرهەڵدان و هاتنە ناوەوەی شیعری سیاسی كوردی .

6- جیهانە شیعریەكەی شاعیرانی قۆناغەكە رەنگ پێدەرەوەی ژیانی سیاسی و دەروونی شاعیرەكانە كە بیری سیاسی نێو ئەو جیهانەش ئاكامی پەیوەندی و كاریگەری ئەم دوو لایەنەی ژیانی شاعیرەكانە .

7- گەلێ لەوتن و دەربڕینەكانی هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون و رایەڵەكردووی دیوی هەستی ناسیۆنالیستی شاعیرەكان بوون.

8- بینینی سیمای رەخنەگرتن بە دەقەكانی شاعیرەكانەوە لە قۆناغە جیاجیاكانی تەمەنە شیعرییەكانیاندا ئاكامی حاڵەتی خۆبینینیان بووە لە ژیانێكدا كە بەردەوام خواستو هیواو ئاواتەكانی تیا وشك كراون.

9- شاعیرانی قۆناغەكە ( زێوەر , حەمدی , شوكری فەزلی , عارف سائیب , مستەفا پاشا یامولكی , فایەقی تاپۆ , ئەحمەد موختار جاف ) ,رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە دروستكردنی ناسیونالیزمی كوردیدا .لە هەمانكاتیشدا كاریگەریان لە سەر جولانەوەی سیاسی كوردی هەبوو .

### سەرچاوەكان


- عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیستی كوردی , چاپخانەی رەنج , سلێمانی , 2007.

- جەعفەر عەلی رەسول, ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی , چاپخانەی رەنج , 2004 , سلێمانی
- ئومێد ئاشنا , گۆران نووسین و پەخشانەکانی , ئاراس , هەولێر , 200
- نەوشیروان مستەفا ئەمین , بەدەم ڕێگەوە گولچنین , چەند لاپەرەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی , 1898 – 1958 , کتێبی دووەم , بەرگی یەکەم , بیروت , لوبنان , 2013
- د. مارف خەزنەدار , مێژووی ئەدەبی کوردی , بەرگی. چوارەم , ئاراس , چ 2 , 2010
- د. مارف خەزنەدار , مێژووی ئەدەبی کوردی , بەرگی ( 5 ) , 1914 – 1945 , ئاراس , هەولێر
- رەفیق حیلمی , شیعرو ئەدەبیاتی کوردی , هەولێر , 1988
- عەبدولا ئاگرین , شوکری فەزلی , شاعیرێکی سیاسیو نەتەوەیی کوردە ,چ, 1 , دار الحریە لطباعة , بەغدا , 1988 .
- عەبدوڵڵا ئاگرین , شیعری سیاسی کوردی لە باشوری کوردستان, چاپی یەکەم , 1996 ,بەغدا
- دلشاد عەلی , دیلان شاعیرو ئازادیخواز , چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق , بەغدا , 1981
- د. عزالدین مستەفا رەسول , شیعری تازەی کوردی , گ. رۆشنبیری نویٚ , ژ. ( 105 ) , بەغدا , 1988
- ئەبوبەکر خۆشناو , شیعری بەرەنگاری کوردی ( 1975 -1991 ) , سلێمانی , 2002.
- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد , تێگەیشتنی راستی, بەغداد , 1978 , کۆری زانیاری کورد .
- عومەر مەعروف بەرزنجی , نوربەخشی , شیعرەکانی شێخ مەحمودی بەرزنجی سلێمانی , 2006 .
- مەحمود زێوەر , گەنجینەی زێرینی زێوەر , بەرێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی , 2012 .
- د. محەمەد فازیل مستەفا , زێوەر ژیان و بەرهەمی , هەولێر , 2010 .
- د. محەمەد دلێر ئەمین میسری , رۆژنامەنووسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەلاٚتی کورد دا ( 1922- 1924 ) , سلێمانی , 2004 .
- د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود , لێکۆلینەوەیەك لە شیعری حەمدی , هەولێر , 2004 .
- دیوانی حمدی , جەمال محەمەد ئەمین , چاپی یەکەم ,چاپخانەی سەرکەوتن , 1984 , سلێمانی
- دیوانی زێوەر , محمود زێوەر , چاپی یەکەم , وەزارەتی پەروەردە , هەولێر , ئاراس , 2003
- دیوانی ئەحمەد موختار جاف , ئامادەکردن و لێکدانەوەی د. عیزەدین مستەفا رەسوولٚ , بەغدا , 1986 , چاپخانەی ئەدیب .
- احسان سرکیس , الادب والسیاسة , بیروت , دار الطلیعة , 1982 .
- مینورسکی , ترجمة د. مارف خزندار , بةغداد , 1968 .

**Abstract**

This paper, which is entitled ‘The Role of Political Poetry in Kurdish National Movement’, considers the work of a number of Kurdish poets from 1918 to1928. It aims to reveal some significant facts, particularly the national sense, which are not only crucial to the poets and their work, but they are also significant to the Kurdish literature in general, and the poetic era of those poets in particular. This is because political poetry has affected the Kurdish political movement, and the movement, in turn, has had an impact on the poetry.

This paper consists of two sections and the first part comprises four subsections. The first subsection presents an overview about the concept of political poetry and its definitions, and the second subsection discusses the position of political poetry in the comparative literature. As for the third subsection, it looks at the stages of the Kurdish political poetry, and the fourth subsection demonstrates the significance and role of Kurdish political poetry in the development of Kurdish national sense.

The second part, which is entitled ‘Political Poetry and National Sense’, consists of two subsections. The first subsection considers Kurdish political poetry before the establishment of Sheikh Mahmood’s government. It focuses on those poems that date back to the era before Sheikh Mahmood’s reign looking at their impact on Kurdish national sense. The second subsection, however, discusses the role of Kurdish political poetry, through the perspective of poets of that stage, in the Kurdish political movement during the reign of Sheikh Mahmood in general, and in Sheikh Mahmood’s government in particular. In the end, the concluding points of the paper are thoroughly discussed.